یەکەتی تەپی پەی عەراق سزاکەی سەر نەورەز و زاخۆ کەمکردەوە

لیژنەی رەکای لە یەکەتی تەپی پەی عەراق، تانەکەی یانەی زاخۆی دژی سزاکانی سەریانە بەهۆی رووداوەکانی یاری نێوان نەورەز و زاخۆ لە خولی ئەستێرەکانی عەراق قبوڵکرد و سزاکەی کەمکردەوە.

لیژنەکە بڕیاریدا سزای بەبەشکردنی هاندەرانی هەردوو یانە تا کۆتایی وەرز بە تێنیا دوو یاری کەمبکاتەوە، هاوکات یارییەکە لەو خولەکەوە راگیرا بەهۆی ئاژاوەی هاندەرانەوە دەستپێبکاتەوە، بەڵام لە یاریگایەکی بەلایەندا، کە دواتر یاریگاکە و کاتی یارییەک دیاری دەکرێت.

هەروەها هەردوو یانە سزادراون بە پێبژاردنی 25 ملیۆن دیناری عەراقی و جێختیش لە یانەکانی هەرەمی کوردستان کراوەتەوە لەسەر پێویستی ئامادەکردنی یاریگاکان و پاراستنیان بە کارمەندانی ئەمنی لێهاتوو.

داواش لە حکومەتی هەرەمی کوردستان کراوە کارمەندی ئەمنی گونجاو بە هەر یارییەک دابین بکات، هاوکات پێکهێنانی هێزێکی پاراستنی ئاژاوەگێڕی (ئاسایشی یاریگا)، بە مەبەستی پاراستنی هاندەران لە

هر سرپیچیی که زیان به ژیان هاندرانی وەرزشی بگەیەنێت.